## پرسی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان
## لە رێکەوتننامەی ( لۆزان ) ەوە بۆ ئەمڕۆ

**پێشەکی :**

لە مێژووی سەد ساڵی رابوردوودا ، گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر جیهاندا هاتووە . گۆڕانکارییە مەزنەکان بەرئەنجامی ئەو جەنگانە بوون کە بۆ داگیرکردنی جیهان و دابەشکردنەوەی لەنێوان هێزە ئیمپریالیستییەکاندا بەرپادەکران . خاڵی هاوبەشی بەرەنجامەکانی دوای ئەو جەنگانە ، بەرەوپێشەوەچوونی بزووتنەوەکانی رزگاریی نیشتمانی گەلان و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوایەتی بوو . سەدەی بیستەم بەهۆی رووداو و کۆتاییهاتنی سێ جەنگی گەورەوە ( یەکەم جەنگی جیهانی ، دووەم جەنگی جیهانی ، جەنگی ساردی نێوان بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا ) ، ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی جیهانیی بەخۆیەوە بینی ، .سەدان نەتەوە ئازادیی نەتەوایەتی و ، نیشتمانەکانیان سەربەخۆیی و سەرەوەرییان بەدەستهێنا . نەتەوی کوردیش وەک هەر یەکێک لەو نەتەوانە چەندین جار هەلی ئازادی نەتەوەیی و دەوڵەتی سەربەخۆی بۆ رەخسا ، بەڵام سەرەنجام ، لە ئاکامی زنجیرەیەک هۆکاری دەرەکی و ناوەکی ، نەک هەرنەبووە خاوەنی دەوڵەتی خۆی بەڵکو ئازادیی لێزەوتکراو نیشتمانەکەشی داگیرو لەنێوان دەوڵەتانی ناوچەکەدا دابەشکرا . یەکێک لەو هەلانە بەرئەنجامی یەکەم جەنگی ئیمپریالیستیی جیهان بوو کە بە سەرکەوتنی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان کۆتاییهات و کەلاکی دەوڵەتی عوسمانی تێدا پارچەپارچەکرا . کورد لە رێی پەیمانی ( سێڤر ) ، ( مانگی ئابی 1920 ) ، لە بەندەکانی ( 62 ، 63 ، 64 ) ی فەسڵی سێیەمدا مافی دامەزراندنی قەوارەیەکی خاوەن ئۆتۆنۆمی بۆ سەلمێندرا کە سەرەتا لە باکووری کوردستاندا بێت دواتر باشووری کوردستانیشی بخرێتەسەرو سەربەخۆ بێت . بەڵام دوای دروستبوونی تورکیای کەمالیست کە بە ناوی تورکیای نوێ ناسرا ، دەوڵەتی تورک لەو پەیمانەی دەوڵەتی عوسمانی مۆریکردبوو پەشیمان بووەوەو بە رێکەوتن لەگەڵ دەوڵەتە هاوپەیمانە باڵادەستەکانی ئەو سەردەمە : ئینگلیزو فەرەنسا ، رێکەوتننامەی ( لۆزان ) یان لە 24 ی تەموزی ساڵی 1923 دا مۆرکردو بە پشتگیریی کۆمەڵی نەتەوەکان ( عصبة الامم ) ئەو مافەیان لە کورد سەندەوەو باکووری کوردستانیان بە تورکیاوە لکاندو ، باشووری کوردستانیشیان دوای چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتی موصل بە دەوڵەتی عەرەبیی عێراقەوە لکاند . بەم پێیە خەونی سەربەخۆیی نەتەوەی کوردیان زراندو جەزرەبەیەکی کاریگەریان لە پرسی ئازادیی نەتەوە وەشاند .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ڕێکەوتننامەی ( لۆزان ) سەرەتای قۆناغێکی نوێی چەوساندنەوەی نەتەوەی کوردو پێشێلکردنی مافەکانی بوو ، سەرچاوەی شەرعییەتدان بوو بەو هەموو کوێرەوەری و نەهامەتیانەی تا ئەمڕۆش پرسە نەتەوایەتییەکە و گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بەدەستیانەوە دەناڵێنن . بۆیە ئەم ڕێکەوتننامەیە لەمێژووی نوێی نەتەوەکەماندا وەک خاڵێک و پەڵەیەکی رەش و کاریگەرێتییەکی نەرێیانە سەیریدەکرێت .

<u>لۆزان چی بەسەر کورد هێنا</u> :

لەم مێژووەوە سەردەمێکی تاریک بۆ کورد دەستپێدەکات . تورکیای کەمالیست بەوپەڕی دڕندەیی کەوتە وێزەی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە باکوور ؛ ئەو شۆڕشانەی وەک کاردانەوە بۆ ئەو سیاسەتە شۆڤێنیستانەیەی کەمالییەکان بەرپابوون وەک : شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ( 1925 ) ، شۆڕشی ئارارات ( 1927 بۆ 1931 ) ، شۆڕشی دەرسیم ( 1937 ) ، بە ئاگاداری و چاوپۆشینی دەوڵەتە باڵادەستەکانی ئەو کاتەی جیهان و کۆمەڵی نەتەوەکان ، خەڵتانی خوێنکران و بۆ ماوەی زێتر لە هەشتا ساڵ دەنگی کوردیان لە باکووردا پێ کپکردو تەنانەت مافی کوردبوونیشیان نەسەلماندو گەلی کوردیان وەک تورکی شاخاوی پێناسەدەکرد . بەشەکانی سوریاو ئێرانیش لە کاریگەرێتیی ڕێکەوتننامەی لۆزان دوور نەبوون و بزووتنەوە رزگاریخوازییەکە لەو دووپارچەیەشدا پاشەکشەی کرد و دەورەیەکی متبوونی بەخۆیەوەدی ، تا لە دوای کۆتایی هاتنی دووەم جەنگی ئیمپریالیستیی جیهان لە رۆژهەلاتی کوردستاندا سەریهەڵدایەوەو بزووتنەوەکە چالاکبووەوەو کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مهاباد ( 1946 – 1947 ) دامەزرا ؛ ئەو کۆمارەی بە هاوکاریی و پشتیوانیی ئینگلیزو ئەمریکاو تورکیاو عێراق بۆ رژێمی شاهەنشاهی و ، خەمساردی و پشتبەردانی لەلایەن سۆڤیەتەوە ، رووخاو سەرکردەکانی لەسێدارەدران و ، بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لەو بەشەدا بۆ دەورەیەکی مێژوویتر تا شۆڕشی ئێران لە ساڵی1979 دا خامۆشبووو .

<u>لۆزان و پرسی کورد لە باشووری کوردستاندا</u>

پێش ڕێکەوتننامەکەی ( لۆزان ) لەساڵی 1923 دا ، باشووری کوردستان بەدەورەیەکی دەستەویەخەبوونی داگیرکەرە کۆن و نوێیەکاندا تێپەڕیبوو ، .چەند رووداوی سیاسیی گرنگیش گەلی کوردی لەم بەشەدا بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی سازدابوو ، بەڵێنەکانی سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا بە دانپادانانی مافی چارەنووس بۆ گەلان لەلایەک و ، سیاسەتی لێنین و حکومەتی بۆلشەویکیش سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی نەتەوایەتی

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

لەسەر بنەمای مافی بڕیاردانی چارەنووس بە مافی جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆوە ، بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردی گەشبینکردبوو ، بەتایبەتی ئەو هەڵوێستە سیاسییەی ڕێگەیدا بە دروستکردنی حکومەتێکی کوردی لە سلێمانی ، ئەوەبوو لە کۆتایی ساڵی 1918 دا ، شێخ مەحموودی حەفید لەلایەن حاکمی گشتیی بەریتانیاوە کرایە ( حوکمدار ) ی کوردستان ، جاری دووەمیش لە تشرینی دووەمی 1922 دا ئینگلیزەکان شێخ مەحموودیان لە هیندستان هێنایەوەو کردیان بە مەلیک و حکومەتێکیشیان بۆ دامەزراند . دواتر بەهۆی ساتوسەودای هاوپەیمانان و سیاسەتی دابەشکردنی ناوچەکە لەنێوان خۆیاندا و بە بڕیاری کۆمەڵی نەتەوەکان ساڵی 1925 باشووری کوردستانیان بە عێراقەوە لکاند .
بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە باشووری کوردستان و شێخ مەحموودی رابەری ئەو بزووتنەوەیە بەر لەدامەزراندنی حکومەتی عەرەبیی عێراق و دوای دامەزراندنی ئەو حکومەتەش ، بۆ بەدیهێنانی قەوارەیەکی سەربەخۆ لەململانێدا بوون . ئینگلیز مامەڵەیەکی دووفاقانەی ئەم ململانێیەی کرد ، لەلایەک بەڵینی پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسی بە کورد دەداو ، بۆ چەواشەکاریش حکومەتێکی کوردیی لەسلێمانی دامەزراند ، لەلایەکیترەوە بۆ بڕاندنەوەی کێشەی ویلایەتی موصل ، بە هاوکاری کۆمەڵی نەتەوەکان ، خەریکی سەوداو سەوداکاریی بوو لەگەڵ حکومەتی نوێی تورکیادا . بۆ نموونەی هەڵوێستی یەکەم دەوڵەتی عێراق ، لە 24 ی کانوونی یەکەمی ساڵی 1922 دا بەیاننامەیەکی هاوبەشی لەگەڵ دەوڵەتی ( ئینتیداب ) واتە بەریتانیا دەرکرد تیادا دانیان بە مافی کورد لە باشووری کوردستاندا نابوو لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمییەکی فراوان لەچواچیوەی دەوڵەتی عێراقدا ، بەڵام بە ڕێکەوتننامەی لۆزان سیاسەتی راستەقینەی ئینگلیز دەرکەوت و پرسەکەیان کردە قوربانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا ؛ ئەوەبوو کێشەی موصلیان بڕانەوەو لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1924 دا سنووری نێوان تورکیاو عێراق بە بڕیاری کۆمەڵی نەتەوەکان دیاریکرا ، بەپێی هێڵێکی وەهمی کە بە ( هێڵی برۆکسل ) بەناوبانگە ، بۆ شەرعییەتدانیش بە لکاندنەوەی باشووری کوردستان بە عێراقی عەرەبییەوە بڕیاری راپرسییەکیان دا .
راپرسییەکە ئەنجامدرا ، بەڵام راپرسییەکی سنووردراربوو ، تەنها بۆ سەرۆک هۆزو خێڵەکان بوو نەک بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان ، ئەوانیشیان خستەبەر هەڵبژاردنی یەکێک لە حکومەتەکانی تورکیا یان عێراق نەک راپرسی سەبارەت بە هەڵبژاردن لەنێوانی لکاندن و سەربەخۆییدا . سەرەڕای ئەوەش کە لە زۆر شوێنی باشووری کوردستاندا ئەو راپرسییە نەکرا ، لە سلێمانی و ناوچەکانی

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

دەوروبەریدا داوای سەربەخۆیی کراو لکاندنی کوردستانیان بە تۆرکیاو عێراقەوە رەتکردەوە . ئینگلیزو کۆمەڵی نەتەوەکان ئەنجامی راپرسییەکەیان لە ناوچەکانیدیکەی کوردستان ، کە دەکەوتنە سنووری ویلایەتی موصل ، وەرگرت و بۆ ئێجگارەکی ئەم بەشەی کوردستانیان بەخشی بە حکومەتی عەرەبیی خانەوادەی شەریف حوسەین کە لە حیجازەوە هاتبوون .

<u>باشووری کوردستان لەسایەی فەرمانڕەوایی پادشایەتی و بەعسدا :</u>

ئەگەرچی بەڕەسمی مافی کورد بۆ حوکمکردنی خۆی سەلمێنرابوو ، تەنانەت ئەوە کرابووە مەرجی ژیانی کورد لەم بەشە لکێندراوەدا ، بەڵام حکومەتی پادشایی هەتا رووخانی لە تەموزی ساڵی 1958 دا ئەم مەرجەی جێبەجێ نەکردو سەردەمێکیدیکەی ململانێی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لەگەڵ دەوڵەتی داگیرکەری عێراقدا دەستپێکرد . رابەری ئەم ململانێیە لەسەرەتادا شێخ مەحموودو لەدوای راپەڕینی 6 ی ئەیلولی 1930 یەوە لە سلێمانی ، کە بە شەڕی بەردەرکی سەرا ناسراوە ، کەوتە دەستی عەشیرەتی بارزان بە پشتگیریی رووناکبیرانی ئەو سەردەمەی کورد .

حکومەتی پاشایەتی لەهیچ جۆرە کردارێکی سەرکوت و داپڵۆساندن و توندوتیژیی بەرامبەر داواکارییە نەتەوایەتی و مرۆییانەکانی خەڵکی باشووری کوردستان سڵینەکردەوە ، داواکاریی شێخ مەحموود بۆ نیشتمانێکی نەتەوەیی لە زاخۆوە بۆ خانەقین ، داواکاریی نوێنەرانی کورد لە پەڕلەمانی عێراقیدا بۆ یەکخستنی پارێزگاکانی کوردستان وەک یەکەیەکی ئیداری ، رازینەبوونی کورد بە رێکەوتننامەی دەوڵەتی ئینتیداب و عێراق لە ساڵی 1930 دا ، هەر هەمووی بەلاوەنراو سیاسەتی شۆڤێنیستانەی بەعێراقیکردنی کورد پەیرەوکرا ؛ ئەگەرچی لە تەمەنی ئەو فەرمانڕوایەتییەدا چەندین پەیمان و بڕیاری سەبارەت بە مافی چارەنووسی گەلان دەرچوون وەک : ( کۆنفرانسی سان فڕانسیسکۆ 1925 ، پەیمانی ئەتڵەنتی 1941 ، پەیمانی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان 1945 ، جاڕنامەی جیهانیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ 1948 ، پرۆژەی پاراستنی مافی مرۆڤ 1951 ) . نەک هەر ئەم پێشێلکردنە بەرچاوەش ، بەڵکو بە پشتگیریی ئەمریکاو ئینگلیز پەیمانی ( سەعد ئاباد ) ی مۆرکرد بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی ساڵی 1937 ی بارزان ، دواتریش هەر لەگەڵ ئێران و تورکیا ، بە پشتگیریی دەوڵەتە ئیمپریالیستییە باڵادەستەکان ، بۆدژایەتیکردنی کوردو پرسە رەواکەی ، پەیمانی ( بەغداد ) ی لەساڵی 1955 دا پێکهێنا.

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

لە تەموزی ساڵی 1958 دا سیستمی پادشایی رووخێنراو سیستمی کۆماری لەشوێنی دامەزرا . سەرەتا هەڵوێستێکی ئەرێیانە لە گەلی کورد وەرگیرا . لەدەستووری کۆماریدا کوردو عەرەب وەک شەریک لە عێراقدا ناوبران ، رێگەدرا بە بارزانی بگەرێتەوە بۆ عێراق ، مۆڵەتی کارکردن بە پارتی دیموکراتی کوردستان درا کە کاری سیاسی بەئاشکرا بکات و بارەگای لە بەغداو شارەکانی کوردستاندا هەبێت . بەڵام ئەم سیاسەتە گۆرانی بەسەرداهات و بە شۆرشی ئەیلول و هێرشی سەربازیی حکومەتی کۆماریی عێراق بۆ سەر کوردستان کۆتایی هات ؛ دواتریش کە شۆڤێنیستە عەرەبەکان ( ناسرییەکان و بەعسییەکان ) لەساڵی 1963 وە حوکمیان گرتەدەست ، پرسی کورد بەراستی کەوتە بەر هەرەشەی تیاچوون . حکومەتی یەکەمی بەعسییەکان و ناسرییەکان لە 1963 داو ، حکومەتی قەومییە رەگەزپەرستەکانی دوای ئەو تا1968 و پاشان حکومەتی دووەمی بەعس کە بە کودەتاکەی 17 ی تەموزی 1968 بۆ دەسەڵات گەرانەوە ، پرسی کوردیان دووچاری سیاسەتی دیماگوگی دانپیادانانی لامەرکەزی و حوکمی ئۆتۆنۆمی و ئینجا تواندنەوەو راگواستن و جینۆساید کردو ، لەشەری نەگریسی ئێران – عێراقدا بە لوتکەیان گەیاند .
گەلی کورد لەسایەی حوکمی بەعسدا ( تەموزی 1968 – نیسان 2003 ) رەشترین رۆژەکانی مێژووی خۆی گوزەراند ، بێ پشتوپەناو بەبێ ئەوەی هیچ ناوەندێکی نێودەوڵەتی هەڵبداتێ ، درندانەترین تاوانی بەرامبەر ئەنجامدرا ، هەر لە راگواستن و کیمیا بارانەوە تا ئۆپەراسیۆنە بەدناوەکانی ئەنفال و زیندەبەچاڵکردنی سەدان هەزار کورد لە بیابانی خۆرئاوای عێراقدا . *
ئەمرۆ بە رووخانی رژێمی شۆڤێنیست و فاشستیی بەعس ، گەلی کوردو پرسە نەتەوایەتییەکەی قۆناغێکیدیکە لە مێژووی خۆیدا دەبرێت . ئەگەرچی نیمچە سەربەخۆییەک لە باشووری کوردستاندا هەیە ، بەڵام هێشتا چارەنووسی پرسەکەمان دیار نییەو هەرەشەی ناسیۆنالیستە شۆڤێنیستەکانی عەرەبی بەسەرەوەیە ، هێشتا مەسەلەی سەربەخۆیی و جیابوونەوە وەک تاوانێکی نیشتمانی سەیردەکرێت و دەسەڵاتی کوردیش تەواو بەرامبەری خەمسارده ؛ لەکاتێکدا جەماوەری خەڵکی کوردستان خوازیاری جیابوونەوەو پێکهێنانی قەوارەیەکی سەربەخۆن و لە دوو راپرسیدا دەنگیان بەم خواستەیان دا ، بۆیە پێویستە ئەمرۆ لەهەموو رۆژەکانیتری مێژووی پرسە نەتەوایەتییەکەمان زێتر دەرس و پەندی شکستەکان بخوێنینەوەو بۆ جارێکیتر ئەم هەلەی بۆ پرسەکەمان رەخساوە لەدەستی نەدەین ، نەهێڵین لۆزانێکیترمان بەسەربێت و بۆ دەیان ساڵیتر پرسی سەربەخۆیی کوردستان بچێتەدواوە .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

ئەوساو ئێستا ، جیاوازی و لێکچوون :
مەبەستمان لە ئەوسا ، هەلومەرجی سەردەمی پەیمانی ( سێڤر ) و رێکەوتننامەی ( لۆزان ) ە ، مەبەستیش لە ئێستا ئەم هەلومەرجەیە کە باشووری کوردستانی تێدایە لەسایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراقی دوای بەعسدا . خوێندنەوەیەکی بابەتیی ئەو دوو هەلومەرجە لەڕووی جیاوازی و لەیەکچوونیانەوە ، نەخشەیەکی واقیعیی پرسی سەربەخۆیی باشووری کوردستان بەدەستەوەدەدات و رێگا کاری ئەمڕۆو سبەی دیاریدەکات .
بەشێک لە خاڵەکانی لێکچوونی ئەو دوو ماوەیەی مێژووی کورد لەم خاڵانەدا دەبینرێت :
1 ) پەیمانێکی نوسراو هەبوو ( پەیمانی سێڤر ) کە دەوڵەتە گەورەکانی ئەو سەردەمە ( بەریتانیاو فەڕەنسا ) ئاگاداری بەندەکانی بوون و بەسەر دەوڵەتی تورکیاندا سەپاندبوو ، ئەمڕۆش دەستورێک لەعێراقدا هەیە کە بە ئاگاداری ئەمریکاو ئینگلیز نوسراوەو لایەنی دەسەڵات بە ناچاری وەریگرتووە و ئیلتیزامێکی بێ چەندوچوونی بەرامبەر نییە .
2 ) پەیمانی ( سێڤر ) شێوەیەک لە ئۆتۆنۆمی بۆ باکووری کوردستان سەلماندبوو ، دەستووری عێراقیش بەناو فیدرالی سەلماندووەو لەواقیعدا هەر شێوەیەکە لە سەلماندنی ئۆتۆنۆمی .
3 ) پەیمانی ( سێڤر ) لە هەلومەرجی رووخانی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی تورکیادا ئیمزاکراو ، دەستووری عێراقیش لە هەلومەرجی رووخانی رژێمی بەعس و دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراقدا بڕیاری لەسەردراو راپرسی بۆ کرا .
4 ) چارەنووسی پەیمانەکەو تورکیای کەمالی لەدەستی دەوڵەتە گەورەکاندا بوو ، هەروەک چۆن ئێستا چارەنووسی سیاسیی عێراق و دەوڵەتەکەی لە دەستی ئەمریکادایە .
5 ) گرنگترین خاڵی لەیەکچوونی ئەو دوو هەلومەرجە لە پێکهاتەی سەرکردایەتی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکەدا دەیبینین ، کە نە ئەوساو نە ئێستا ، گەلی کورد سەرکردایەتییەکی سەربەخۆییخوازی نەبوو ، ئەگەرچی تارادەیەک سەرکردایەتی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکەی ئەوسا مەیلی سەربەخۆییان زێتر تێدابوو .
ئەگەر تەماشای خاڵەکانی جیاوازیی هەلومەرجەکانیش بکەین ئەوا ئەم جیاوازییانە بەدیدەکەین :
1 - باشووری کوردستان چەند جار هەڵبژاردنی تێداکراوەو خاوەنی پەڕلەمانی خۆیەتی . بەڵام لە باکوور هیچ بوارێک بۆ هەڵبژاردن نەڕەخسێنرا .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

2 - حکومەتێک فەرمانڕەوایی رەسمی بەشێک لە باشووری کوردستان دەکات بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوەو ئیدارەیەکی کوردی لە پارێزگاکانی کوردستاندا هەیە . بەڵام ئەوسا لە باکوور نەک هەر حکومەتێکی خۆجێیی دانەمەزرا بەڵکو ئیدارە هەر بەدەست تورکەکانەوە مایەوە .
3 - حکومەتی هەرێمی کوردستان لەژێر سایەی دوو حزبدایە کە لە هەڵبژاردندا دەرچوون و هەر حزبە خاوەنی لەشکرو ئاسایش و پۆلیسی خۆیەتی و بەشێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندییان بە حکومەتی هەرێمەوە هەیە ، بەڵام لە باکووری ئەوسادا هێزە چەکدارەکان بەدەستی حکومەتی ناوەندەوەبوون
4 - لە پەڕلەمان و حکومەتی نوێی عێراقدا رێژەیەک کاربەدەستانی کورد هەن و چەند پۆستی باڵاش بەدەست کوردەوەیە ، بەپێچەوانەی حکومەتی کەمالی کە لە تورک بەولاوە کەسێک لە پۆستە حکومەتییەکاندا نەبوو ، بەتایبەتی پۆستە باڵاکانی دەوڵەت .
5 - حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشی لە داهاتی عێراقدا هەیەو ساڵانە بەرێژەی 17% ی داهاتەکەی دەدرێتێ و خۆی سەرپشکە لە سەرفکردنی ، کە هەرگیز حاڵەتی وەها لە باکووری کوردستاندا نەبووە .
6 – خەسڵەتێکیدیکەی بارودۆخی ئیمڕۆی باشووری کوردستان بەستنی پەیوەندیی دیپلۆماسی و بازرگانییە لەگەڵ دەوڵەتەکانی ناوچەکەو دەوڵەتانی بیانیدا ، بەڵام کاتی خۆی ئەم هەلومەرجە بۆ باکووری کوردستان نەڕەخساوە ، هەروەها دەستێوەردانێکی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کە ئەمڕۆ لەلایەن دەوڵەتەکانی دراوسێی کوردستانەوە بۆ سەر هەرێمەکە هەیە ، ئەو کاتە ، ئەو دەستێوەردانە لەلایەن دراوسێکانی تورکیاوە بۆ سەر دەوڵەتە نوێیەکەی نەبووەو تەنها دەوڵەتە گەورەکان بڕیاردەربوون .

<u>ئایا دەرفەتی بەدەوڵەتبوونی باشووری کوردستان هەیە ؟</u>

ئەگەر بە وردی سەرنجی خاڵەکانی جیاوازی و لێکچوونی هەردوو سەردەمەکە بدەین ، دەبینین خاڵە بەهێزەکان دەکەونە چوارچێوەی جیاوازییەکانەوە ، لەبەرامبەر یەک دوو خاڵی لاوازی لێکچوونەکانەوە . بۆیە ئەگەری بەدەوڵەتبوونی باشووری کوردستان دەکەوێتە گرەوی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو خاڵانەدا ، چ ئەوانەی خاڵی هێزن و چ ئەوانەی خاڵی لاوازین . هەروەها بە خوێندنەوەی خاڵەکان دەتوانین بەسەر دوو تەوەرەدا دابەشیان بکەین :
أ - تەوەرەیەکی دەرەکی ، ب - تەوەرەیەک پەیوەندی بە ناوخۆی کوردستانەوە هەیە .
لەڕاستیدا پەڕلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی کورد لە پەڕلەمان وحکومەتی عێراقیداو کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کە

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)

هەموو حزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان کۆبکاتەوەو لۆبییەکی کوردیی فراوان و ئەکتیڤ لەدەرەوەی کوردستان ، لە بەرنامەڕێژییەکی ستراتیژیی و تاکتیکیی نەتەوەییدا دەتوانن زەمینەیەکی لەبار بۆ سەرکەوتنی ئەم پرسە خۆشبکەن ؛ ئەوەی دەمێنێتەوە چۆنیەتی ڕاکێشانی ڕایگشتیی جیهانە بۆ پرسەکە ، بەتایبەتی پشتگیریی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و ، سەرهەڵدانی سەرکردایەتییەکی سەربەخۆییخوازە کە بتوانێت ڕابەریی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوایەتیی کورد لەم پارچەیەی کوردستاندا بکات و ، بە پێرەوکردنی چەندین شێوەی خەباتی سیاسی ، لەوانە کارکردن بۆ بەرپاکردنی ریفراندۆمێک کە تیادا جەماوەری کوردستان دەنگ بۆ جیابوونەوە لەعێراق و سەربەخۆیی بدەن ، دەوڵەتی سەربەخۆی باشووری کوردستان بهێنێتە دی . ئەوەش لە مەودایەکی مێژووییدا دەکرێت کە ناتوانرێت ئێستا پێشبینی بکرێت . بە کورتی : بەبێ ئامادەیی ئەو مەرجانە بەگشتی و دوو مەرجی دواییان بەتایبەتی ، ئەگەری ئەوە هەیە پرسی کورد لە باشووری کوردستاندا نسکۆیەکی گەورەتری لە نسکۆی ڕێکەوتننامەکەی ( لۆزان ) بەسەر بێت .

<u>تێبینی :</u>

- بەپێویستم نەزانی دوورودرێژ لەسەر حوکمی بەعسییەکان بنووسم ، چونکە هاووڵاتیانی کورد کەم و زۆر شارەزاییان لەو مێژووەدا هەیە .
- بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی بۆ باشووری کوردستان ، سەرنجی خوێنەری هێژا بۆ ئەو دوو وتارە ڕادەکێشم کەلەم بارەیەوە لە ڕۆژنامەی ( هاوڵاتی ) ژمارەکانی ( 736 ، 737 ، 746 ) نووسیومن .
- ئەم وتارە لە سایتی ( نوچە نێت ) دا ڕۆژی 25 ی تەمموزی 2011 بڵاوکرایەوە ، وەک بەشدارییەک لەو فایلەدا کە سایتی ناوبراو بۆ یادی تێپەڕبوونی 88 ساڵ بەسەر ڕێکەوتننامەی ( لۆزان ) کردبوویەوە .

Print to PDF without this message by purchasing novaPDF (http://www.novapdf.com/)